# سەربڕینی مرۆڤ و تەنگژەی بزاڤی ئیسلامی ..

ڕزگار لهۆنی

لەکەس شاراوەنییە کە سەرهەڵدانەوەی دیاردەی سەربڕینی ئادەمیزاد لەم سەردەمەدا کەلەسەردەستی گرووپە ئیسلامیەکان سەری دەرهێنایەوە ئەوە کارنامەیەکە کە گرووپەتووندڕەوەکان دەیانەوێت بەو کارەدزێوانەیان سەرنجی گشتی بۆخۆیان ڕاکێشن و خۆیان لەپەراوێزە بوونی بووندا قوتار بکەن , سەربڕینی مرۆڤ کەناشرینترین جۆری کوشتنی مرۆڤە , مێژوویەکی کۆنی هەیەو لە چاخەکانی ناوەڕاستدا لەسەردەستی ئیسلامیەکان جارێکی تر ئەم شێوازە بووژێنراوەتەوەو داهێنانی تیاداکراوەو بەشانازیەوە لەناو کۆڕو کۆمەڵە ئیسلامیەکاندا باسکراوە, سەربڕین هەرچەندە تاکو ئیستا لەووڵاتێکی وەك سعودیە بەڕەسمی بەڕێوە دەچێت بۆ سزادانی تاوانبار و هەقدراوە بە قازی کەبەناوی ئاینەوە سەری خەڵك بپەڕێنێ , بەلاّم لەپاڵ ئەوەشدا گرووپە ئیسلامیەکان لە شوێنە جۆراو جۆرەکانی تریش تەنانەت لەو شوێنانەشدا کە دەسەلاّتی ڕەهایان بەدەستەوە نییە لەبەرانبەر نەیارەکانیاندا ئەو حوکمە جێ بەجێ دەکەن, تازەترین داهێنانیش لەم کارەدزێوەیاندا لەوێوە خۆی دەنوێنێت کە ئێستا ئیتر زۆر بێ شەرمانە بەکامێرا وێنەی سەربڕینەکە دەگرن و خۆیان لەکەناڵەکانی خۆیانەوە بە شانازی یەوە بەخشی دەکەن و دەیانەوێت بلێن کە ئێمە ئەو کۆمەڵە مرۆڤەین کەتەنگژەیی سیاسی و ئایدلۆژیەکەمان بە چەقۆی خوێناوی دادەپۆشین و بوونی خۆمان دەپارێزین تا ئەو ڕادەیەی کە یان خۆمانتان پیادەتەقێنینەوە و ژیانتان لێ دەشێوێنین , یان بەبێ گوێدانە هیچ پێوانەیەکی مرۆیانە سەرتان دەبڕین و فەناتان دەکەین, ئەم هەڕەشەیە کە ئێستا ئیسلامی سیاسی دەیکات ڕێك لەو هەڕەشانە دەچێت کەلەسەردەمی محەمەدا بەحوکمی ئایەتەکان غەزاو ئەنفال و داگیرکردنیان بۆ لەشکری ئیسلام حەلاّڵ کردبوو , هەربۆیە بەگەڕانەوە بۆ مێژوو دەبێت هەموان لەو هەڕەشەیە تێبگەین کەئێستا گرووپە توندڕەوەئیسلامیەکان لەتەواوی مرۆڤایەتی دەکەن و دەیانەوێت لەڕێگەی سەربرینەوە جارێکی تر ببنەوە بەو لەشکرو سوپایەی کە کەنەك هەرتوانیان گەلێك شوێن داگیربکەن و بیشێوێنن بەڵکو توانیان بەزەبری کوشتن و تیرۆر ئاین و بیرو بۆچوونی گەلێك خەڵکیش بۆ دواین جاربگۆڕن ,

بەلاّم دەبێت هەموانیش بزانین کە دووبارە بوونەوەی ئەو مێژووە گەر جاران تراژیدیایەکی خوێناوی بوو ئەوا ئەمڕۆ کۆمیدیایەکی گاڵتەجاریە , چونکە ئەو دیاردەی سەربڕینە نەك هەر ئیسلامیەکان لە پەراوێزە بوون قوتار ناکات و بەرەو سەرکەوتنیان نابات ونایان کاتەوە بەلەشکرەکەی سەردەمانی زێرینیان بەڵکو چەند ئەوەنەی تریش لەمەرگ وپەراوێزە بوون نزیکیان دەکاتەوە .